



# پەردە بۆ ژووری گەرماو

لە دیکۆری ماڵدا، پێویستیمان بە چەندین جۆرە مۆدە و دیمەنی رازاوە دەبێت، لە کاتێکدا، دیمەنی هەر دیکۆرێکی ماڵ، پێویستی بە جوانترین و ناسکترین رێگە دەبێت، هەر لە ژوورەکانی دانیشتن و گەرماو و هۆڵ و چێشتخانە و دەرەوە و باخچە، ئەو بەشانەش پێویستیان بە کەرەستە و دیکۆری تایبەت و رازاوەوە دەبێت، لە کاتێکدا گرنگترین بەشەکانی ماڵ بە دیکۆرێکی جوان و رازاوە ئامادە دەکرێن، یەکێك لەوانە، دیکۆری ژووری گەرماوە، کە بە پێویسترین بەشەکانی ماڵدا دادەنرێت، هەروەها شوێنی خۆشۆرین و پاك کردنەوەیە، لەگەڵ ئەوەی دەبێت پاك و جوان بێت، تەنانەت پێویستی بە دیکۆری جوان هەیە، هەر لەم رێگەیەشەوە دەتوانین ژووری گەرماو بە چەندین پەردەی جوان و شیاو رازاوە بکەین، ئەمەش لە کاتێکدا رێگەیەکی ئاسانە و تەنیا بە دانانی پەردە لە نێو ژووری گەرماوەودا، دەکرێ دیمەن و شێوەیەکی جوان دابین بکەین، یاخود تەنیا شوێنی خۆشۆرین بە پەردەیەك بڕازێنینەوە کە لە نزیکەوە دیمەنێکی کراوە لەژووری گەرماو دروست دەکات، بە تایبەت کاتێك ژووری گەرماو گەورە بێت، یان پێویستی بە رەنگی دیکەیە تاوەکو شایستەترین مۆدەی لێ ئامادە بکرێت،وەك مۆدەیەکی تازە و سەرنجڕاکێش کە دیکۆری ژووری گەرماو بە تەواوی جوان و رازاوە دەکات.

# ئێلەگ و کراسی کوردی



جوانکاری لە مۆدە و ستایلەکانی جلوبەرگ کاتێك کورد بەکاریدەهێنێت، پێویستی بە چەندین رێگە و ستایلی تایبەت هەیە کە گۆڕانکاری بەسەر جوانی ئەو جلە یان ئەو کەرەستەدا بێت، تەنانەت دەتوانین لە رێگەی هەنگاوی سادەوە چەندین لایەن و دیمەنی جوان بەدی بکەین لە مۆدە و ستایلەکانی کراسی کوردی، یەکێك کە ئەو لایەنە پڕدەکاتەوە یان دەڕازێنێتەوە، بوونی ئێلەگە لەگەڵ کراسی کوردی، کە جوانییەکی رەها و تایبەت لە خۆ دەگرێت، تەنانەت کار دەکاتە سەر دانان و توند کردنی جلەکە، لەگەڵ ئەوەی جوانیی خۆی هەیە، ئەو شێوازەی کە لە جلی کوردیدا بەدی دەکرێت، شێوازێکی رازاوەیە، بۆیە لەگەڵ دانانی ئێلەگدا، دەتوانین زیاتر ئەو جلە رازاوەتر بکەین، بە جۆرێك کە مایەی سەرنجڕاکێشی و کراوەیی خۆی ببەخشێتە کراسەکە، ئەو جۆرە مۆدەیەش بریتییە لە جۆرە ئیلەگێکی ناسك کە کورت و توند و تۆڵە، هەروەها گرنگە کاتێك رەنگی ئیلەگ جیاواز بێت لەگەڵ رەنگی جلەکە، بۆیە دوو رەنگی لەو دوو لایەنە دیمەنێکی گرنگە و جوانە، زیاتر ئێلەگ بە کورتی و ناسکی خۆی جوانتر دەبێت،، خانمان دەبێ لەوە ئاگادار بن کە ئێلەگ کار دەکاتە سەر جوانی جلەکە، نەوەك جوانی کراس بکەوێتە سەر ئێلەگ، ئێلەگیش دەکرێت لەو رەنگانە بێ: سپی-سوور-سەوز-قاوەیی-مۆر.



# شێ

مۆدەی ماکیاژ و کاری جوانکاری بۆ رووخسار هەنگاوێکی گرنگە بۆ بەدی هێنانی مۆدەی ماکیاژێکی تایبەت بۆ نمایشێکی رازاوەی ماکیاژی رووخسار، یەکێك لەو ماکیاژە پێویستانەی کە لە رووخساردا هەیە، ئەویش ماکیاژ و ئامادەکاری برۆیە، ماکیاژی برۆ، چەندین وێنە و شێوازی خۆی هەیە، هەر یەکە بە جۆرێك ئەنجام دەدرێت، لەوانە لە رێگەی تاتۆ یان ماکیاژی برۆیە، یان بە رەنگ کردنەوە بێت، ئەم هەنگاوەش رێگەیەکە بۆ دانانی ماکیاژێکی نەرم و شایستە لە رێگەی ئەو ماکیاژەوە ئامادە بکەین، بە جۆرێك دەبێت ماکیاژی برۆ، جوانترین شێوە لە خۆ بگرێت و دیمەنێکی رازاوەی هەبێت، زیاتریش لە مۆدەکانی برۆ وەك : برۆی کەوانە — شێوەی

# کراسی ب

کراسی بووك، هەردەم بە پێی مۆدەی تازە و نوێکارییەوە بەدی دەکرێ، بۆیە دەکرێ سوودێکی گرنگ وەربگرین لەو جلانە، کە ماوەیەکە مۆدەی ٢٠١٣ کاری بۆ کراوە و وەك مۆدەیەکی پێشەکی بۆ ساڵی

## ــــــواز و ستایلی برۆ بۆ خانمان



ژماره هەشت- نیو کەوانە – شێوەی مانگ – نیمچە برۆ، کە شێوازێکە و نیوەی لە تاتۆیە نیوەی دیکەشـی لە برۆی ڕاستەقینەیە، برۆی تاتۆ ئەو شێوازە جوانییە نابەخشێت، وەك ئەوەی لە برۆی ڕاسـتەقینەدا هەیە، بەمـەش دەتوانین زیاتر سـوود لە برۆی ڕاستەقینە وەربگرین، بە مەرجێك ئەو شێوازە ئامادە بکرێت کە لەگەڵ شـێوەی ڕووخسار و چاو بگونجێت و نەبێتە هۆی شێواندنی جوانیی چاو یان ڕووخسار، بۆیە گرنگە خانمان بزانن چ جۆرە مۆدیـەك بۆ برۆکانیان هەڵدەبژێرن تاوەکو لەگەڵ سیمای ڕووخسار و چاو ڕازاوە و جوان بێ.

## ــــــووک بۆ ساڵی ٢٠١٣

داهاتـوو جێگەی بایـەخ و گرنگی خۆی دەبێـت وەکو مۆدەی سـاڵی ٢٠١٢ هەمان شێوەی کراسی بووکی شێوە کراوە لە سەرەوە، مۆدەی خۆی دەگەڕێنێتەوە، بەمەش دەبێتە مۆدەیەکـی جوان و ڕازاوە، کەچی لەو مۆدە تازەدا،نەخـش و کاری دیزاینـی تەسـك مۆدەیەکی ئەوتـۆ دەبێت لەو کراسـەدا، خانمانیـش دەتوانن ئەو شـێوازە هەڵبژێرن کە بەپێی خواسـت و ویستی خۆیان دیاری دەکرێت، تەنانەت شێوەی سەرەوە کراوە، یـان کە بە سـینگ کراوەیـی بەناوبانگە، ئەو مۆدەیە شێوازێکی تازە و ناسکە لە کراسی بووکدا.





## جانتای دەست بۆ قوتابخانە و دەوام



ئـەو کچانـەی تـازە پێدەگەن، کە ئێسـتا وەرزی قوتابخانـە و دەوامە، پێویستیان بـە جانتـای قوتابخانە و دەوام دەبێت، کە وەکو دەزانین جانتای دەرەوە و یان جانتای دەست جیاوازی هەیە، بەمـەش دەبێت خانمان بزانن چ جۆرە جانتایەك هەڵدەبژێرن بۆ دەستیان، وەکو ئەو جۆرەی کە شیاو بێ لەگـەڵ دەوام و قوتابخانەدا، شـێوەی جانتا، گرنگە بە دەست کچان، چونکە گوزارشتێك لە خواست و ویستیان دەدات و جیاوازییەکـی دیکەی دەبێت لەگەڵ جانتای دەسـت،، ڕێگەیەکی گرنگ لە دیکۆرێکی جانتای دەسـت بەدی دەکەین، کە لەگەڵ ئەو لایەنەدا، خانمان دەتوانن چ جۆرە جانتایـەك هەڵبژێرن بۆ دەسـتەکانیان تا چەند ئەو جانتایە ڕازاوە و جـوان بێت، ئیتـر کار دەکاتە سـەر گۆڕینی ستایلی ئەو شێوازەوە کە لەگەڵ دیمەنێکی ڕازاوەی بە خۆیەوە دیاری دەکات، هەروەهـا بوونـی شـێوە و دیمـەن لەسەر جانتا، د یمە نێکـی جوانی دەبێت و دەبێتـە مۆدەیەکی ڕازاوە و جوان، بۆیە خانمـان و کچان، دەتوانـن ئەو جۆرە مۆدیـە هەڵبژێرن کە شـیاوە لەگەڵ هەست و خواستەکانیان.





# دۆشاو یان ئاوی تەماتە!

دروست کردنی دۆشاوی تەماتە هەر لە زووەوە لە کارگەکان نەبووە بەڵکو وەك پێداویستیەکانی دیکە لە وەرزی هاوین بە دەست ئامادەکراوە بۆ وەرزەکانی دی کە تەماتەیان تێیدا کەمە، دروست کردنی ئاوی تەماتە و وشك کردنەوەی و کردنی بە دۆشاوی تەماتە رەنگە لە بیری زۆربەماندا مابێت و یادەوەریمان لەگەڵیدا هەبێت.

سەبارەت بە چۆنیەتی دەست پێکردن و ئامادەکردنی شێواز گەلێکی هەیە، ئەوەی باوبوو، تا ئێستاش لە هەندێك شوێن ماوە کە بڕێکی زۆر لە تەماتە زیاتر تەماتەی تەواو سووری هەندێك شل دەهێنرا پاش جوان شوشتنەوەی دەگوشرا بە سەبەتە ئاوەکەیان لە پاشەڕۆ و توێکڵەکەی جیادەکردەوە، پاشان لەسەر سنی گەورە گەورە دادەنرا و دەبرایە شوێنێکی بەرز و بەرهەتاو، تا وشك دەبووەوە وکۆیان دەکردەوە، شایانی باسە تا تەواو وشك دەبوو، دەبووایە چەند جارێك سەردانی بکەی، چوونکە رەنگە بەهۆی باوە هەندێ ماددە و پارچەی بکەوتبا ناو کە پیسی دەکرد یان بە کەڵکی خواردن نەدەهات، بەتایبەت ئەگەر کاتی دروست کردنەکەی دواکەوتبایە بۆ وەرزی پایز،لەو وەرزە بەهۆی باوە پەلکی دارو زۆر شتی دەکەوتە سەررو دەبوایە بەشی سەرەوەی بە تەواوی هەڵبگیرێت و بە کەڵك نەدەهات، تا هاوینێکی دی و پێگەیشتنی دووبارەی تەماتە ئەو دۆشاوەی تەماتە بۆ خواردن بە کاردەهات.



# حەتـــــــــۆتە

**رەوەند بەختیار**

بواری بۆن و بەرام و کەرەسەکان سادەو ساکار بووە، ئەوەتا پێشان ئافرەتان لەجیاتی بۆن حەتۆتەیان بەکارهێناوە وزۆر جاری وا هەبووە، بۆ مندالآن بە لانکیانەوە کردووە بۆ بۆن خۆشبوون.


حەتۆتە لەشێوەی قەمزەنوشتی دروستیان دەکرد بە جۆرەها پەڕۆی ڕەنگاو ڕەنگ لەیەکیان دەخست و بە مۆری و زەنگیانەو مەرجان دەیان رازاندەوە بۆ جوانی. ناو قەمزەنوشتییەکان و هۆکاری بۆ نەخۆشەکەی ئەوەبوو کە پڕیان دەکرد لە گوڵەباغ و قەنەفڵ و ڕەشکە و شمڵی و رازیانە و هێل و دارچین. ئینجا جوان بە ئاون دەیان کوتا تاوەکو کلی لێدەهات. ئینجا ڕاست و چەپ لە ملیان دەکرد دەیانگوت کچی فلانی یا ژنی فلآنی یان منداڵی فلآنی بۆنی ڕۆژەڕێیەك دەڕوات، کە بۆنێکی خۆشی هەیە و تەنانەت دەبێتە شتێکی سەیر و جوان کە کورد شتی لەم جۆرەی ئامادەکردبێت و بەکاریهێنابێت، حەتۆتە تاوەکو ئەمڕۆش ماوە و کاری پێدەکرێت، بەڵام وەکو کەرەستەیەکی تایبەت دروست دەکرێت و لە بازاڕدا کەم ماوەتەوە، تەنیا لە چەند شوێنێك نەبێ ئەگینا دەست ناکەوێت.




# بچووکترین دایک!

ئەوانەی لە تەمەنێکی منداڵیدا یان بچووکیدا شوو دەکەن، هەر زوو دەبن بە دایك و تووشی منداڵ بەخێو کردن دەبن، یەکێك لەو دیاردە سەیرەی کە لە وڵاتی یەمەندا هەیە، ئەویش زوو بە شوودانی کچانە لە تەمەنێکی زۆر بچووکدا،ئەمەش بەهۆی ناکۆکی یان وەك تۆڵە سەندنەوە یان بەهۆی هەژارییەوەیە، (ئاسیا) تەمەنی (١٤) ساڵە، دوو ساڵ لەمەوبەر شووی کردووە و ئێستاش دوو منداڵی هەیە، ئەوەی سەیرە کاتێك سەیری دەکەیت، وەك منداڵێك دەردەکەوێت، بەڵام لە راستیشدا دایکی دوو منداڵە، بەمەش دەبێتە بچووکترین کچ کە شووی کردبێ لەتەمەنی (١٢) ساڵی و ئێستاش بچووکترین دایکە و تەمەنی (١٤) ساڵە.







## مۆزەخانەیەکی سەیر

شێوازێکی نوێی مۆزەخانە لەسەر شێوەی جەستەی تەواوی مرۆڤ و پیشاندانی یەك بەیەکی بەشەکانی جەستە بۆ شارەزابوون و سەرنجی ئەو کەسانەی سەردانی ئەو مۆزەخانە دەکەن، ئەو مۆزەخانانەش لە شێوەی باڵەخانەی سەیر دروست کراون و دەبنە سەیرترین و جوانترین مۆزەخانە لە جیهاندا، لەگەڵ ئەوەشدا جوانترین شێوەی باڵەخانە و شێوازی ئەندازەیی لە خۆ دەگرن.



## گرانبەهاترین کاتژمێر لە کوردستان

خەڵکانێك هەن حەز بە شتی گرانبەها دەکەن، وەك ئەوەی خولیایەك بێت، یان هەندێك کەرەستە هەیە، کە نرخێکی گرانبەها و خەیاڵی هەیە، وەك ئەوەی شتێکی بە نرخ بێت و بیبەیتە هەر کوێ هەر هەمان نرخ و پایەی خۆی هەبێت، وەك ئەو تابلۆ و کەرەستە کۆن و شتی ناودارانی جیهان بە نرخی خەیاڵی دەفرۆشرێن، کاتژمێر لە ئێستادا جگە لەوەی کاتت بۆ دەژمێرێت، هەروەها ئامێرێکە وەك سەرمایە بەکاردەهێنرێت، وەك ئەو کاتژمێرە بە نرخ و یان لە زێڕ و ئەڵماس دروست کراوە، یان بەشی سەرەوەی بە ماس داپۆشراوە، ئەمەش وادەکات کە نرخێکی خەیاڵی هەبێت، لە یەکێك لە شوێنەکانی کاتژمێر فرۆشتن لە کوردستان، تا ئێستا گرانبەهاترین کاتژمێر فرۆشراوە بە (٧،٥) هەزار دۆلار، واتە حەوت دەفتەر و نیو دۆلار، جێگەی باسە ئەو کاتژمێرە لە مارکەی رۆلێکسی سویسرییە و تایبەتە، هەروەها جۆری دووەمیش کە ئێستا هەیە، نرخی بە (٤) دەفتەرە و کە خەڵکانێك هەن ئەو جۆرە کاتژمێرە دەکڕن کە بازاڕ و کەسی خۆی هەیە.



## خەیارێکی نیو مەتری ببینە

جووتیارێکی تەمەن ٨٦ساڵەی بەریتانی کاتێك چاوی بە خەیارێکی گەورە لەناو کێڵگەکەیدا کەوت لەسەرەتادا وای زانی کە ئەمە ڕاستی نییە.

بەڵام پاش لێکۆڵینەوە لە خەیارەکە ڕاستی گەورەیی قەبارەکەی بۆ ئاشکرابوو، کە خەیارێکی دەگمەن و زۆر گەورەیە، چونکە درێژییەکەی لە نیو مەتر زیاترە.

بەپێی سەرچاوەکان، ئەم خەیارە ناتوانێت ژمارەیەکی پێوانەیی جیهانی تۆمار بکات، چونکە پێش ئێستا خەیارێکی چینی ژمارەی پێوانەی شکاندووە، کاتێك کێشی گەیشتە ٦٩ کیلۆگرام.

# چاوێلکەیەک لە قژ



لـــەم وێنەیەدا، کچێکی جوان و قەشـــەنگ دیارە، چاوێلکەیەکی لە چاوە، چاوێلکەکە لە قژ دروســـت کراوە، یان لە قژ ئاڵێنراوە، بیر بکەوە لەوەی ئەو قژەی لەسەر چاوێلکەکەوە هەیە، قژی خۆیەتی واتە قژی کچەکەیە بە چاوێلکەوە بەســـتراوە یان چاوێلکەکە لە هەمان جۆری قژی کچەکە دروست کراوە و ئینجا لە چاوی کردووە، ئەمەش جۆرێکە لە تەسریحەی قژ کە کچان کاری لەم جۆرەی بۆ دەکەن.

## مانـــــای خــــەون

**بـاڵ**: لەخەودا کوڕە، ئەو کەســـەی لە خەودا ببینێـــت دوو باڵی هەیە دوو کوڕی دەبێت، ئەو کەسەی باڵی بشکێ کوڕەکەی نەخۆش ئەکەوێ، ئەگەر باڵی دەرچێت و لێ ببێتەوە کوڕەکەی ئەمرێ، فڕین بە باڵ سەفەرە، ئەو کەسەی باڵی هەبێت و نەفڕێت پارەی دەست دەکەوێت، ئەگەر باڵەکە قورس بێـــت و نەتوانێت پێی بفڕێت ئەوە گوناهی هەیە و سزاشـــی دەبێت .



**سەرچاوە: خەوننامە!**

## یاری پیت ریزکردن

**هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی ناوی ئامێرێکی میوزیکت بۆ دەربچێ.**


م ا ش ڵ ش

**وەڵامی ژمارەی پێشوو :سەماوەر**




### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

لەبواری خێزانیدا بەرەو باشتر هەنگاو دەنێیت، زۆربەی کێشـــەکانت بەرەو چارەســـەر کردن دەڕۆن، بۆیـــە ئەمەش وات لێـــدەکات کەباری دەروونیت ئارام بێتەوەو خۆشی ژیانت داگیر بکات.




### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

بۆ زاڵبون بەســـەر چەند کێشـــەیەك هەوڵبدە یارمەتی ئەندامانی خێزانەکەت بدە، چەند گۆڕانکارییەك لەبواری ئیش و کاردا دێتە پێش ئەم هەفتەیە تاسەر لەبارە بۆ گرنگیدان بە کێشەکانت.



### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠

پێویســـتە بەشـــێوەیەکی کاتی لەئەرکی ڕۆژانەت دوور بکەویتـــەوە، کەبەردەوام دووبارە دەبێتەوە، بەردەوامبە لەسەر کارێك کە سوود بەئێستا و دوارۆژت دەگەینێت، هەوڵبدە پشووێك بەخۆت ببەخشیت.



### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

کاتی ئەوە هاتووە کە سەرجەم کاتەکانی خـــۆت کۆبکەیتەوەو بەبـــێ دڵەڕاوکێ ڕووەو پرۆژەکەی خۆت هەنگاو بنێیت، دڵنیاشـــبە ســـەرکەوتنت مسۆگەرە چونکە بەخت لەگەڵتدایە.



### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

لەبواری ئیشـــدا چەنـــد هەوڵبدەیت لەســـەرکەوتن زیاتر نزیـــك دەبیتەوە، ئـــەم ماوەیـــە هەســـت دەکەیـــت چالاکییە کۆمەڵاتییەکانـــت ڕوو لەزیادبوونن، یارمەتی هاوڕێیەکت ئەرکی سەرشانتە.



### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

ئەم ڕۆژانە زیاتر هەست بە بەرپرسیارییەتی دەکەیت لەبواری ئیش و کارەکاندا، بۆیە بەورەیەکی بەرزەوە ڕووبەڕووی کێشەکان دەبیتەوە، بـــەڵام دەبێت ئەوەش بزانیت کە بڕیـــاردان لە کاتـــی تووڕەییدا تووشی هەڵەی گەورەت دەکات.

## بۆ زاخـــاوی مێشک

*** وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (کارێز) بوو**

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بکەرەوە کە لەکۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (دەرگا بە زمانی عەرەبی)
- پیتی خانەکانی (٣+٤+٥) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ناوێکی دیکە بۆ سەرەوەی خانوو)
- پیتی خانەکانی (٥+٤+٥) کۆبکەیتەوە بە مانای (خواردنێکە لە هەموو ماڵێکە)
- پیتی خانەکانی (١+٢)کۆ بکەیتەوە بە مانای (شتێکی سرووشتییە هەستی پێدەکەی و نایبینی)



**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

ئەمڕۆ لەبواری کاردا کەمێك سەرقاڵ دەبیت، بەڵام ئەگەر هەوڵبدەیت دەتوانیت بەسەر گرفتەکان زاڵ بیت، هەوڵبدە ئەو پاڵەپەستۆیەی کە لەسەرتە کارنەکاتە سەر خۆشەویستەکەت.

**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

زۆر جار بەناچاری پەنا دەبەیتە بەر خەیاڵء خەونەکانت و لەواقع دووردەکەویتەوە، هەوڵبدە بوێرانە رووبەرووی کێشەکانت ببیتەوەو خۆت لەگەڵ واقیعی کۆمەڵگە رابهێنیت، هەروەها لەکەسانی هەڵپەرست دووركەرەوە.

**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

ئەگەر ڕێگە چارەیەك بۆ کێشەکانت نەدۆزیتەوە ئەوا زیاتر هەست بە ماندووبوون دەکەیت، لەبواری خۆشەویستیدا پێویستیت بەلێبوردن هەیە تا پەیوەندییەکەت بگەڕێتەوە دۆخی جاران.

**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

هەست بە ماندووبوونێکی زۆر دەکەیت چ لەرووی جەستەیی و چ لەرووی دەروونیشەوە، باشتر وایە لەو شتانە دووربکەویتەوە کە مەجازت دەشێوێنێتء دەبنە مۆتەکەیەك بەسەرتەوەو ڕەنگە ترسیشت بۆ دروست بکەن.

**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

ئەم ماوەیە لەزۆربەی بوارەکان سەرکەتوو دەبیت هەر چەندە کەسانێك هەن بەردەوام پیلانت بۆ دادەڕێژن ماوەیەکە بەهۆی دووركەوتنەوەت لە کەسێکی خۆشەویستت تووشی بێ ئومێدی بیت.

**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

ماوەیەکە زیاتر بایەخ بەمەسەلە مادییەکان دەدەیتء دەشێت بڕێك پارە بێتە پێش دەستت، هەروەها بە تەمایت بڕیار لەسەر مەسەلەیەکی سۆزداری بدەیتء چاوەڕوانی خۆشەویستییەکی گەورە دەکەیت، بەڵام لەوانەیە ماوەیەکی زۆری بوێت.

## نوکتە

- جارێک لە شێتێکیان پرسی دەزانی بۆچی مار ناتوانێت سواری شەمەندەفەربێت؟ شێتەکە گوتی: ئاخر مار دەستی نییە بای بای بکات.
- کچێك لەگەڵ خۆشەویستەکەی لەپارکن، لە ناکاو باوکی کچەکە بەدەردەکەوێت، کچەکە دەڵێت ئەی هاوار باوکم هات...کوڕەکەش دەڵێت ئاسایی بە، خۆ من ناناسێت بڵێ ئەوە برامە.

# وێنە و بیرکردنەوە:

لەو وێنەی پشیلەیەك هەیە بیدۆزەرەوە!



## دیوانە شیعر



نالی شاعیر دەڵێ :

شەوی یەڵدایە یا دەیجوورە ئەمشەو
کە دیدەم دوور لە تۆ بێ نوورە ئەمشەو
دڵم وەک حاکمی مەعزوولە قوربان
خەڵاتی وەسڵی تۆی مەنزوورە ئەمشەو
دڵیش مایل بە دیدەی تۆیە بۆیە
لە من وەحشی و ڕەمیدە و دوورە ئەمشەو
کە تۆ شای کەچ کولاهی دیدە مەستان
چ باکم قەیسەر و فەغفوورە ئەمشەو
لە خەو هەڵساوە یا ئاڵۆزە چاوت
هەمیشە وایە یا مەخموورە ئەمشەو
سوروشکم نەقشی چاوی تۆ دەکێشێ
جێگەم سەر دارەکەی «مەنسوور»ە ئەمشەو
موسوڵمانان دەپرسن حاڵی (نالی)
لە کونجی بێ کەسی مەهجوورە ئەمشەو

س: ئەستێرەکانی شیعری کلاسیك

## (کۆنگرێف) بۆ هاوسەرگیری دەڵێت:



ئەوکەسەی بەپەلە ئافرەتێك بخوازێت، بە لەسەرخۆیی پەشیمان دەبێتەوە.